https://doi.org/10.54809/jkss.vi3.89
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی هەرێمی کوردستان دا

**هەژار کیفە شریف**
hazhar.kayfa@gmail.com
خوێندکاری ماستەر،

**پ ی د فواد عەلی ئەحمەد**
fuad.ahmad@univsul.edu.iq

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلیمانی

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ڕەهەندە گرنگەکانی کاری بنکۆڵکاریی کۆڵییوەتەوە، کە ئەوانیش ئاستی زانستیبوون، ڕەسەنایەتیی، ئامانجەکان و دواتریش پرۆسەی ڕۆچوون و قوڵبوونەوەیە. توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە بە بەکارهێنانی ڕێبازی ڕووماڵکاریی و هاوکات لە ڕەهەندی کردەنییدا شێوازی ناخشییکاری بەکارهێنراوە. توێژیینەوەکە چەندیین پێگەی ئەلیکترۆنیی و دیپلۆماتیک مەگەزیین لە ڕاپرسییەکی بەرایی ئۆنلایین دا، وەک نموونەپشکنیینی (سامپڵ) ی توێژیینەوەکە دیارییکراوە، کە (٢٠) ڕاپۆرتی ئەم پێگەیە لە بەرنامەیەکدا بە ناوی «سندووقی ڕەش» ەوە دەستنیشانکراوەن کە لە ماوەی نێوان (٢٠٢٠/١٢/٣ - ٢٠٢١/١١/٢٩)دا بەرهەمهێنراون. بەشەکردارییی توێژژینەوەکە متمانەی لەسەر هەندێ توخمی ڕوونکاریی تایبەتی ڕاپۆرتەکان کردووە و، بەپێی ئەنجامەکان بنکۆڵکارەکان تەنها لە ڕەگەزی نێرینەن (١٠٠٪) و وەرگرەکانی ئەم ڕاپۆرتانە بە پلەی یەکەم جەماوەرن (٥٢٪) واتە خەڵکیین بە گشتیی و بە شێوازی ڤیدیۆیی (ڕێژەی ١٠٠٪) ماوە کورت (ڕێژەی ٨٥٪) خراونەتەڕوو و، دۆزەکانیش بە نیوەیی خۆجێی و نیشتمانیین و نەچوونەتە دەرەوە. توێژیینەوەکە هەستاوە بە هەڵسەنگاندنی زانستیی و پێوەرداریانە بۆ ئاماژە پێکهاتەییەکانی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان. بە پێی ئەنجامەکان، سەرچاوەکانی ئەم ڕاپۆرتانە بە پلەی یەکەم لە ڕێی شارەزایانی تایبەتمەندەوە (٣١٪) بووە پاشان شایەتحاڵ و دامەزراوەکانەوە (٢٦٪) کەمتر لە ڕێی قوربانیان (١٣٪) و سەرچاوەی نادیارەوە(٤٪). دەرکەوتووە کە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕایگشتیی (٢٤٪) و گەیشتن بە ڕاستییە شاراوەکان ٠٢١٪)، زیاترن لە ئامانجی ئاشکرادنی کەموکووڕیی دامەزراوەکان (١٢-١٦٪). ڕاپۆرتەکان بە پرۆسەی شییکاریی (٢١٪) و بە سۆراخی قووڵ (٢١٪) بۆ ڕەهەندەکانی دۆزەکە (٢٠٪) ڕۆچوون و قووڵبوونەوەکانی جێبجێکردووە.لە کۆتاییدا توێژینەوەکە قایلە بەوەی کە ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان هەتا ڕادەیەکی باش پرۆسەی ڕۆچوون و قوڵبوونەوەیان بەجێهێناوە و ڕووماڵی ڕەهەندەکانی دۆزی ڕاپۆرتەکانیان کردووە. توێژیینەوەکە جەختدەکاتە سەر بایەخدانی جەوهەریی حوکومەت و کەرتی تایبەت بەم تەرزە ڕاپۆرتانە کە بەشداریی گرنگ دەکەن لە ڕوونکردنەوە و پیشاندانی ڕاستییەکان و بەشداردەبن لە کاری پێگە و دامەزراوەکاندا.

**کلیلە وشەکان: ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی، ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکان، پێگە ئەلیکترۆنییەکان، بنکۆڵکار، دیپلۆماتیک مەگەزیین، سندووقی ڕەش.**

Recieved: 2/4/2022
Accepted: 17/5/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

راگەیاندنی بنکۆڵکاریی ناوێکی دیار و مێژوویەکە لە ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتەکان، هەتا ئاستی سەلماندنی خۆی لە کۆمەڵدا، ئێستا سەردەم سەردەمی راگەیاندنی بنکۆڵکارییە چیتر راگەیاندنی کۆنباو ناتونێت وەرگرەکانی قایلبکات بەو کەمە زانیارییانەی پێشکەشیان دەکات، لەنێو ئەو ژینگە ئاڵۆز و پڕ لە ململانێیانەی کۆمەڵگەدا. راگەیاندنی کۆنباو زۆرجار دەستەوستانە لە گەیشتن بە راستییەکان، ئەمەش کەڵک و پێویستی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی زیاترکرد لە کۆمەڵگەدا، ئەم جۆرەی راگەیاندن بە رێبازێکی نوێ و بە شێوازێکی نوێی رووماڵکردنی دۆزەکان هەوڵی گەیشتن بە راستییە شاراوەکان دەدات. ئەم جۆرە تەنیا بریتیی نیە لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، بەڵکو خۆی رووداو دروستدەکات و هەرخۆیشی دەچێتە قوڵایی ئەو رووداوانە و رەهەندەکانی رووماڵدەکات و پرۆسەی بنکۆڵکردن بەجێدەهێنێت هەتادەگات بە راستییەکان. ئەگەرچیی پەیڕەوکردنی ئەم جۆرەی راگەیاندن پێویستیی بە ژینگەی تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکەی وایکردوە لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بایەخ بەم جۆرەی راگەیاندن بدرێت و ببێت بە پێویستییەکی سەردەم، بە رەچاوکردنی گرنگیی و بایەخەکەی رۆژنامەوانان و دەستگا رۆژنامەوانییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرباری ئاستەنگەکان و نەبوونی ژینگەیەکی لەبار بۆی، هەوڵیانداوە کەم و زۆر پەیڕەوی ئەم جۆرەی راگەیاندن بکەن و کۆمەڵگە و کەسایەتیی و دامەزراوە فەرمییەکان لە گرنگیی و بایەخی هۆشیاربکەنەوە. لەو سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ ئاشنابوون بەم جۆرەی راگەیاندن و لە پانتایی جۆرێکی نوێ لە ئامرازەکانی راگەیاندن، کە ئەویش پێگە ئەلیکترۆنییەکانە، کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا و بەهۆی گەشەی تەکنەلۆژیاوە، بووە بە ئامرازێکی رۆژنامەوانیی دیار و بەرچاو لە کۆمەڵگەدا.

بەهۆکاری بایەخ و گرنگییەکەی و ئەو رۆڵەی لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕێت، راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بووە بە پێویستییەکی ئەمڕۆی کۆمەڵگە بۆ ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکان و راستییە شاراوەکان و پتەوکردنی بنەماکانی چاودێریی بەسەر دامەزراوە فەرمیی و تایبەتییەکان و کەسایەتییەکانەوە، ئەوەش لە پێناو بەرژەوەندی گشتییدا، هەرئەم گرنگییەشی وایکردووە دەستگا رۆژنامەوانییەکانی جیهان گرنگیی بەم جۆرەی راگەیاندن بدەن. لێرەشەوە هەندێک لە دەستگا رۆژنامەوانییەکانی هەرێمی کوردستان بانگەشەی پەیڕەوکردنی دەکەن. لەو سۆنگەیەوە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (ناڕوونیی ئاماژە پێکهاتەییەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لەو راپۆرتانەی کە لەپێگە ئەلیکترۆنییەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاودەکرێنەوە).

بە مەبەستی زیاتر خستنەڕوو و روونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە، ئەم پرسانە دەخەینەڕوو:

١. ئایا راپۆرتەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە رێبازی زانستیی ئامادەکراوە؟

٢. ئایا راپۆرتەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان ئاماژەکانی رەسەنبوونی تێدا بەدیدەکرێت؟

٣. ئایا راپۆرتەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان رۆچووەتە ناو قوڵایی کێشە و رووداوەکان، یاخود رەهەندە شاراوەکانی کێشە و روداوەکانی ئاشکراکردووە؟

٤. ئامانج چیە لە ئامادەکردنی راپۆرتەکان لەلایەن پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە؟

٥. سەرچاوە زانیارییەکانی راپۆرتەکان کامانەن کە پشتی پێبەستوون لەبەدەستهێنانی زانیارییەکانیدا؟

یەکەم: مێژووی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی و توێژینەوە پێشووەکان:

١.مێژووی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی

لەساڵی (١٦٩٠- بنجامین هاریس) ڕۆژنامەیەکی بڵاوکردەوە بەناوی (ڕووداوە گشتییەکان)، ئەم ڕۆژنامەیە کاری لەسەر ئاشکراکردنی هەڵسوکەوتی دڕندانەی سەربازە فەرەنساییەکان دەکرد دژی هندە سوورەکانی ئەمەریکا، (٦)، پاشان لە ساڵی ١٧٤١، ڕۆژنامەنوس (جیمس فرانکلین) کاری لەسەر ئەو گەندەڵیانە کرد کە کەنیسەی پرۆستانتی کردبوونی لەمیانی بەرنامەی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی ئاوڵە). (٧)

پاشان لەساڵی١٨٨٧، ڕۆژنامەنووس (نیلی بلای) کۆمەڵێک ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی بەشێوەیەکی شاراوە بەجێهێنا، کە بە یەکەم لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاریی دادەنرێت لە جیهاندا. (٨)

سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە قۆناغی زێڕینی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی دادەنرێت، چونکە دوو هۆکاری سەرەکیی هەبوون وایانکرد کە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی زیاتر ببێت بە پێویستیی کۆمەڵگە کە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت؛ یەکەم بەهۆی دابڕانی دەسەڵات لەکۆمەڵگەی ئەمەریکایی و بەتایبەت لەگەڵ چینی ناوەڕاست و ڕۆشنبیران و سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیی، دووەم بەهۆی لێشاوی کۆچ بۆ ئەمەریکا. (٩)

هەر لەبەردەوامی هەوڵەکانیان، کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس سەرکردایەتیی هەڵمەتێکی ڕۆژنامەوانییان دەکرد بەتایبەت دژ بەگەندەڵیی لەساڵی ١٩٠١ دا، پاشان لەساڵی ١٩٠٦دا، (بزوتنەوەی لێکۆڵینەوەی گەندەڵیی) دەرکەوت و بەم شێوەیە بۆ ماوەی دووساڵ بەردەوامبوو هەتا ساڵی ١٩١١ کە سەرکەوتنی بەدەستهێنا. (١٠).

لە حەفتاکانی سەدی بیستەمدا ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی گەشەیەکی بەرچاو و فراوانی کرد، لەحەفتاکاندا سندوقێکی سەربەخۆی هاوکاریی دارایی بۆ ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی دەرکەوت بەناوی (Fund of investigative journalism) بۆ هاوکاریکردنی دارایی ڕۆژنامەوانان و دامەزراوەکان، کە لەسەر ئەم جۆرەی ڕاگەیاندن کاریاندەکرد (١١)

هەر لەماوەی ساڵانی حەفتاکاندا، ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی گەورەترین دۆسییەی ئابڕووچوونی سیاسیی ئاشکراکرد کە بە ئابڕووچوونی (واتەرگیت) ناسراوە. (١٢)

هەر لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک دامەزراوەی گرنگی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی دامەزران، گرنگترینیان (فیدراسیۆنی پەیامنێران و نوسەرانی بنکۆڵکاریی) بوو کە لە ساڵی١٩٧٥. (١٣)، لە کۆتایی ساڵی١٩٧٦دا (کۆمەڵەی هاوڕێیانی ڕۆژنامەوانانی بنکۆڵکاریی) پێکهێنرا بەسەرۆکایەتی سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی (News Day ,Reporter Green) کە ئامانجیان بریتیبوو لە ئەنجامدانی ڕووماڵکردنی تاوانەکان. بەپێی گێرانەوەکانی(دیفد کابلان) سەرۆکی یەکێتی پەیامنێرانی بنکۆڵکاریی لەساڵی١٩٧٦ ڕۆژنامەی (یوئێس نیوز) توانی تیراژی ڕۆژانەی بگات بە یەک ملیۆن دانە و، خوێنەرەکانی بگەن بە ١٠ ملیۆن خوێنەر. (١٤)

لەساڵی ١٩٨٠ بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆمپیوتەر برەویسەند، ڕۆژنامەوانان خۆیان لەبەردەم سیستمێکی نوێی تەکنەلۆجیایی و، ئەرک وبەرپرسیارێتیی و قۆناغ و شێوازی نوێ و جیاوازدا بینیەوە. چەمکی ڕووماڵی بنکۆڵکاریی کۆمپیوتەریی هاتە ئاراوە، کە بریتیبوو لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی کەرەستە ڕۆژنامەوانییەکان لە ڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان. (١٥). لەسەرەتاکانی سەدەی بیست ویەکی ساڵی٢٠٠١دا، تۆڕی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی جیهانیی Network (Global Investigative Journalism ) دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی خێرا و سەرنجراکێش گەشەیسەند، کە لە شێوەی کۆڕبەندێکی جیهانییدا بوو، لەوێوە باشترین بیرۆکە و ئەزموونەکانی بواری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی ئاڵوگۆڕ دەکرا و، بوو بە ناوەندێک بۆ ڕۆژنامەوانانی بنکۆڵکاریی. (١٦)

هەر لەو دەمەی ساڵی ٢٠٠٥، دا تۆڕی (ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی عەرەبیی) لە عەمانی پایتەختی ئوردون دامەزرا، کە بە یەکەم دامەزراوەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی دادەنرێت لەجیهانی عەرەبییدا. (١٧) بەهۆی ئەم گرنگییپێدانە و پێویستیی کۆمەڵگەی عێراقیی بۆ ئەم جۆرەی ڕاگەیاندن، لە (٩-ئایار-٢٠١١) یەکەم تۆڕی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی لە عێراق Network of) (Iraq Reporters for Investigative Journalism ناسراو بە (نەریج) لەشاری سلێمانی دامەزرا، ئەرکی ئەم تۆڕە بریتییبووە لە پاڵپشتییکردنی دارایی و ڕاوێژکاریی بۆ ڕۆژنامەوانانی بواری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی. (١٨)

٢. توێژینەوە پێشووەکان

ئەوەی شایانی بەبیرخستنەوە و ئاماژەپێدانە، ئەو توێژینەوە و هەوڵانەن کە پێشتر لەم بوارەدا لە دنیای ڕۆژنامەگەریی عەرەبییدا دراون، کە بوون بە مایەی سەرچاوە و ڕێنیشاندەرێک بۆ ئەم توێژینەوەیە کە ئاراستەکەی بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردییە و بە تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا. نموونەی ئەو توێژینەوان دەهێنینەوە لەگەڵ بەسەرکردنەوەیەکی خێرا بۆ ڕۆڵ و مەودای سوودگەیاندنیان لێرەدا.

-توێژینەوەی: روان/٢٠١٩

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە، ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە(دور الصحافة الاستقصائية في كشف القضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الاردنيين)؛ توێژینەوەکە هەوڵیداوە ئاشنابێت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە ئاشکراکردنی دۆزە گەندەڵییەکان لە وڵاتی ئوردن دا، لە دیدی ڕۆژنامەوانانی ئوردنەوە، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، توێژەرەکە لە ڕەهەندی کردەنیی توێژینەوەکەیدا ڕێکاری ڕووپێوی بەکارهێناوە و، هاوکات ئامرازی ڕاپێویی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەی.

-توێژینەوەی: بشری/٢٠١٩

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکارییە، ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە(اساليب المعالجة الاعلامية للقضايا السياسية في البرنامج التلفزيونية الاستقصائية برنامج- ما خفي من قناة الجزيرة- انموذجا) ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە ئاشنابێت بە بەرنامە تەلە فزیۆنییە بنکۆڵکارییەکانی پەیوەست بە چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانەوە، بۆ زنجیرەکانی بەرنامەی(ما خفي من قناة الجزيرة)، هەروەها ئامانجەکانی ئەم جۆرە لە بەرنامە بنکۆڵکارییەکان و چۆنێتیی بەجێهێنانیان. توێژینەوەکە لەجۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، توێژەر لە ڕەهەندی کردەنیی توێژینەوەکەیدا ڕێکاری ڕووپێویی بەکارهێناوە، هاوکات شێوازی ناخشییکاریی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی.

**-توێژینەوەی خمیس/٢٠٢٠**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکارییە، ناونیشانەکەی بریتیە لە(الصحافة الاستقصائية و دورها في كشف انتهاكات حقوق الانسان في الوطن العربي) ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ئاشنابوون دەدات بە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە دەوڵەتە عەرەبییەکان، لە هەناوی ئەو ڕاپۆرتە

بنکۆڵکاریيانـەی تایبـەت بـە پێشـێلکارییەکانی مافـی مـرۆڤ کـراون لـە جیهانـی عەرەبیـی و لـە تـۆڕی (اريج) بڵاوکراونەتـەوە، لەگـەڵ ئاشـنابوون بـە گرنگتریـن ئـەو سـەرچاوە و ئامرازانـەی کـە پشـتیان پێدەبەسـترێت کـە لەلایـەن ڕۆژنامەوانانـی بنکۆڵـکارەوە کۆکراونەتـەوە. توێژینەوەکـە لـە جـۆری توێژینـەوە وەسـفییەکانە، توێـژەر ڕێـکاری رووپێویـی بەکارهێنـاوە لـە ڕەهەنـدی کردەنیـی توێژینەوەکەیـدا، هـاوکات بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی توێژینەوەکـەش شـێوازی ناخشـییکاریی بەکارهێـنراوە.

ئـەم توێژینەوانـە، بـوون بـە سـەرچاوەیەکی بـاش و بەکەڵـک بـۆ توێـژەر لـە ڕەهەنـدی تیۆریـی و کردەنیـی توێژینەوەکەیـدا، بـەوەش پـاش تاوتوێکردنـی توێژینەوەکانـی پێشـوو و بەراووردکردنـی بـە توێژینەوەکـەی خـۆی، توێـژەر گەیشـت بـەم ئەنجامانـە:

١.جۆری ئەم توێژینەوەیە لە هەمان جۆری ئەو توێژینەوانەیە، واتە لەجۆری توێژینەوە وەسفیەکانە.

٢.ڕێکاری ئـەم توێژینەوەیـە بریتیـە لـە ڕێکاری ڕووپێـووی کـۆی توێژینەوەکانـی پێشـوو هەمـان ڕێکاری ئـەم توێژینەوەیـان بەکارهێناوە.

٣.توێـژەری ئـەم تویژینەوەیـە شـێوازی ناخشـییکاریی بەکارهێنـاوە لـە ڕەهەنـدی کردەنیـی توێژینەوەکەیـدا، بەهەمـان شـێوە هەریـەک لـە تویژینەوەکانی(خمیس، بشري) هەمـان شـێوازی ئـەم توێژینەوەیـان بەکارهێنـاوە، بـەڵام ئامـرازی توێژینـەوەی (ڕوان) جیـاوازە بـە بـەراورد لەگـەڵ شـێوازی بەکارهاتـووی ئـەم توێژینەوەیـە.

٤.لـە ڕووی بابەتـەوە: بابەتـی ئـەم توێژینەوەیـە هەمـان بابەتـە لەگـەڵ بابەتـی توێژینەوەکانـی پێشـوو؛ واتـە ئـەم توێژینەوانـە هەریەکەیـان بەئامانجـی جۆراوجـۆر ڕاگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی ببـون بـە بابەتـی سـەرەکیی توێژینەوەکانیـان.

ئـەم توێژیینەوانـە ڕێنیشـاندەربوون لـە ئامادەکردنـی ڕێبازنامـەی ئـەم توێژینەوەیـەدا، کـە هەوڵـدراوە لەڕوانگـەی شـێوازی داڕشـتنی کێشـە و پرس و ئامانجەکانی تویژینەوەکـەوە، هەروەهـا چۆنێتیـی دەستنیشـانکردنی چەمـک و زاراوەکان و پاشـان ناساندنیان، کەڵـک لـە توێژینەوەکانـی پێشـوو وەربگرێـت.

دووەم، توێـژەر لـە ڕەهەنـدی تیۆریـی توێژینەوەکـەدا، هەوڵیـداوە کەڵـک لـە پلانـی ئـەو توێژینەوانـە وەربگرێـت لـە ڕووی شـێوازی خسـتنەڕووی زانیارییـەکان و داڕشـتنیان و ڕووماڵکردنـی ڕەهەندەکانـی بابەتـی توێژینەوەکـە.

سـێیەمیش، لـە ڕەهەنـدی کردەنیـی توێژینەوەکـەدا، توێـژەر سـوودی لـەو توێژینەوانـە وەرگرتـووە کـە هەمـان ئامـرازی توێژینەوەکـەی خـۆی بەکارهێنـاوە، کـە ئەویـش بریتیـە لـە ئامـرازی فۆرمـی شـیکاریی، بەشـێوەیەک لەکاتـی ئامادەکردنـی فۆرمـی شـیکاریی و دیاریکردنـی دەسـتە و یەکـەکان، بـە ڕەچاوکردنـی ئامانـج و پرسـی توێژینەوەکـە و بەراوردکـردن لەگـەڵ فۆرمـی شـیکاریی تویژینەوەکانـی پێشـوو، کەڵکـی لـە فۆرمـی شـیکاریی ئـەو توێژینەوانـەش وەرگرتـووە.

## دووەم: زانیارییبنامەی توێژینەوەکە

١.چەمکی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی

أ.لەزمانی کوردی دا:

بنکۆڵکاریـی لـە زمانـی کوردیـی دا، وشـەیەکی لێکـدراوە لـە هـەردوو وشـەی (بنکۆڵ+کردن)پێـک دێـت، لـە فەرهەنگـە کوردییەکانـدا بـە چەندیـن شـێوە ماناکـراوە، وەکـو:

١. بنکۆڵ: (بن + کۆڵ) بنکەن، بنکەند، لەگەڵ چاوگی «کردن» دێت ئەم مانایانە دەدات،

هەڵکۆڵینی بنی دیوار بۆ  پشکنیین یان ڕوخاندن.

هەڵکەندنی دەوروبەری ڕەز و دار و توتن بۆ باشتر ئاو خواردنەوەی. (١٩)

ب. لەزمانی عەرەبیدا:

چەمکی بنکۆڵکاریی لە زمانی عەرەبیی دا، بەم شێوازانە هاتووە(التقصي، قصاء، واقصي الرجل، القصو، عن القصوم، الاقصى). (٢٠).

٢. پێناسەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی:.

راگەیاندنی بنکۆڵکاریی پێناسەی هەمەجۆری بۆکراوە، لەو سۆنگەیەوە توێژەر ئاماژەی بە چەندین پێناسەی هەمەجۆر کردووە کە بریتین لە:

پێناسەی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە روانگەی دامەزراوەی ئەکادیمیای بی بی سی: راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بە تەواوی مامەڵە لەگەڵ بەڵگەی تایبەت و سەرچاوەی نهێنیی و راستییە ناتەواوەکان دەکات، پاشان ئەم بەڵگە و زانیارییانە دەکات بە بابەتێکی رۆژنامەوانیی کاریگەر و ئامادەکردنی بۆ بەرهەمهێنانی راپۆرتێکی بنکۆڵکاریی، دواجار کارەکە بەجۆرێک جێبەجێدەدرێت کە دەیکات بە رۆژنامەوانێکی لێهاتوو و شارەزای فرەڕەهەند. (٢١)

پێناسەی (دیفد نابل) سەرۆکی ناوەندی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنوسان بۆ راگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بریتییە لە شێوازێکی دامەزراوەیی تەواو، پشتەبەستێت بە گەڕان و وردبینیی و بنکۆڵکردنی تەواوەتی دۆزەکان، لەسەر بنەمای بابەتیی و وردیی و دڵنیابونەوە لە راستیی و دروستیی زانیارییەکان، لەپێناو سەرهەڵدانی هەستی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیی و هێنانەکایەی شەفافیەت. (٢٢)

پێناسەی (رنا صباغ) بەڕێوەبەری جێبەجێکاری تۆڕی راگەیاندنکارانی عەرەب بۆ راگەیاندنی بنکۆڵکاریی: راگەیاندنی بنکۆڵکاریی راگەیاندنێکی پتەوە، لەسەر بنەمای بەڵگاندنی زانیاریی و راستییەکان کاردەکات، باشترین رێگەیە بۆ گەیشتن بە دڵی راستییەکان، لە دەرەوەی کاریگەریی و بەرنامە بۆ دارێژراوەکان، ئەو زانیارییانە تێدەپەڕێنێت کە پێشتر لەسەر هەمان بابەت ئاشکراکراوە، هەروەها پێشێلکاریی و خراپەکارییەکان ئاشکرادەکات و بنەمای لێپرسینەوە و سزادان کارادەکات. (٢٣)

٣. تایبەتمەندیەکانی راگەیاندنی بنکۆڵکاریی:.

توێژینەوەی راستەقینەیە: توێژینەوەیەکی راستەقینەیە زۆرێک لە رۆژنامەوانان پێیهەڵدەستن، بە بەکارهێنانی مادەی خام یاخود چاوپێکەوتنی گشتگیر، یاخود بەراوردکردنی راستییەکان و ژمارەکان ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان کە پێشتر پەی پێنەبراوە. (٢٤)

پاراستنی بەرژەوەندی گشتیی: بریتییە لە ئاشکراکردنی زانیارییە نادیارەکان پەیوەست بە دۆزێکی گرنگی کۆمەڵ، بۆ بەشێکی فراوان لە جەماوەر لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیی. (٢٥)

پرۆسەیەکی ماوە درێژە: پێویستئی بە پلان و توێژینەوە و وردبوونەوە هەیە لە زانیارییەکان و دڵنیابوون لە راستیی سەرچاوە جیاوازەکان.

توێژینەوەی قووڵە: کاری بنکۆڵکاریی پێویستیی بە ئارامگرتنی زۆر هەیە، چونکە رۆچوونە بە نێو قووڵایی بابەتە مەترسییدارەکان و، ئاشکراکردنی ئەو راستییە نهێنیی و شاراوانەی کە کەسانێک هەوڵی بە نهێنیی مانەوەی دەدەن. (٢٦).

رەسەنبوونی ئەنجامەکان: راپۆرت و لێکۆلینەوە بنکۆڵکارییەکان کاری رەسەنن، ئەنجامی ئەو لیکۆڵینەوانە نییە کە لە لایەن لایەنە یاسایی و دامەزراوە فەرمییەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە. (٢٧)

نوێکاریی: راگەیاندنی بنکۆڵکاریی شێوازێکی نوێی راگەیاندنی هاوچەرخە، جیاوازە لە راگەیاندنی کۆنباو. (٢٨).

٤.ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی

ڕاپۆرتـی بنکۆڵکاریـی بریتییـە لـەو بۆتـە ڕۆژنامەوانییـەی کـە کـردە بنکۆڵکارییەکانـی تێـدا دادەڕێژرێـت، لەسـەر بنەمـای بەڵگاندنـی ڕاسـتیی و زانیارییـەکان بـە پەیڕەوکردنـی شـێواز و ڕێـکاری زانسـتیی و بابەتییانـەی ڕاگەیاندنـی بنکۆڵکاریـی (٢٩). ڕاپۆرتـی بنکۆڵکاریـی کار لەسـەر ئاشـکراکردنی زانیارییـە شـاراوەکان دەکات، هەروەهـا ئەوزانیارییانـەی کـە بەرپرسـان بـە مەبەسـت دەیشـارنەوە، زۆرجاریـش دەکرێـت بـە بـێ مەبەسـت ئـەو زانیارییانـە ئاشـکرانەکرابن، کـە بـۆ دۆزینـەوەی ئـەم زانیارییانـە پێویسـتی بـە بەڵگـە و سـەلماندن هەیـە لـە لایـەن خـودی ڕۆژنامەوانـەوە. (٣٠)

ڕاپۆرتـی بنکۆڵکاریـی کارکردنـە لەسـەر بنەمـای تیشکخسـتنە سـەر بیرۆکەیـەک، یـان کێشـەیەک، یـان دیاردەیەکـی ئەرێنیـی یـان نەرێنیـی، لەمیانـەی وتوێـژ و ڕوونکردنـەوە و شـیکردنەوەی کێشـە و دیـاردەکان بـە هـاوکاری کەسـانی نزیـک لەوکێشـە و دیاردانـە، بۆیـە دەکرێـت بوترێـت کـە چەمکێکـی گشـتگیرە لەسـەر بنەمـای فەلسـەفەی لێکۆڵینـەوە و گـەڕان و وردبوونـەوە و پشتبەسـتن بـە ڕێبـازی زانسـتیی بنکۆڵکاریـی کاردەکات، پەیوەسـت و بـەو کێشـە و دۆزانـەی لەسـەریان کاردەکات، ئـەو زانیاریی و هەواڵانـە تێدەپەڕێنێـت کـە پێشـتر لـە بارەیـەوە زانـراوە. (٣١)

دەوترێـت، ڕاپۆرتـی بنکۆڵکاریـی ڕۆچوونـە بـە نـاو قووڵایـی کێشـە و دۆزەکانـدا، هەوڵدانـە بـۆ ئاشـکراکردنی هـۆکارەکان بـە بەڵگـەی باوەڕپێکـراوەوە، بـەدەر لـەو ڕاسـتیی و زانیارییـە ئاشـکرایانەی کـە پێشـتر لـە سـەر دۆزەکان یـان کێشـە و ڕووداوەکان ئاشـکراکراون، بەڵکـو هەوڵـی ئاشـکراکردنی ئـەو زانیارییانـە دەدات کـە پێشـتر پەیـان پێنەبـراوە. (٣٢).

## تایبەتمەندیەکانی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی

زانسـتیبوون: ڕاپۆرتـی بنکۆڵکاریـی پشتدەبەسـتێت بـە بنەمـا زانسـتییەکان و توێژینـەوە و گـەڕان بـەدوای زانیارییـەکان، دانانـی گریمانـەی پەیوەسـت بـە بابەتـەکان، هـاوکات کارکردنـە لەگـەڵ داتـا و زانیارییـەکان بـە ڕێبازیـی زانسـتیی و جیـاواز لەگـەڵ سروشـتی بابەتـەکان و پێشـکەوتنەکانی.

ڕۆچـوون و قوڵبوونـەوە: هیـچ زانیارییـەک بڵاوناکرێتـەوە هەتاوەکـو دڵنیـا نەبێـت لـە کامڵبوونـی ئـەو زانیارییـە، هـاوکات هەوڵـی دەسـتکەوتنی زۆرتریـن زانیاریـی دەدات لـە سـەربابەتەکە، بۆیـە زۆرجـار ڕاپۆرتـی بنکۆڵکاریـی کاتـی زۆری پێویسـتە. (٣٣)

ڕەسـەنایەتیی: پرۆسـەی گـەڕان وپشـکنینە، یاخـود توێژینەوەیەکـی ڕەسـەنە پشـت بـە هییـچ لایەنێـک نابەسـتێت، جگـە لـە هـەوڵ و ماندووبوونـی خـودی ڕۆژنامەوانـی بنکۆڵـکار، کـە هـەر خـۆی هەڵدەسـێ بـە دانانـی وێنـەی قۆناغەکانـی ڕاپۆرتەکـە و دیاریکردنـی ئامانجەکانـی، بەهـۆی گـەڕان بـەدوای ڕاسـتییە شـاراوەکان و دەرهێنانـی ئاماژەکانـی و پێشکەشـکردنی بەجەمـاوەر. (٣٤)

کارکـردن لەسـەر دۆزە گەندەڵییـەکان: بەهـۆی هەبوونـی توانایەکـی بـەرز لـە دەستگەیشـتن بـە زانیارییـە شـاراوەکان و تێگەیشـتنی قـووڵ بـۆ یاسـاکان، لەتوانیانـدا یاسـای ناوزڕانـدن، زۆرێـک لـەو بڕوایـەدان کـە ڕاپۆرتـی بنکۆڵکاریـی چڕدەبێتـەوە لـە ئاشـکراکردنی هەڵەکانـی پەیوەسـت بـە دامـەزراوە باڵاکانـەوە. (٣٥)

گرنگیی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی

گۆڕانکاریـی و چاکسـزازیی لـە کۆمەڵگـە: هەوڵـدان بـۆ گۆڕانکاریـی و چاکسـازیی سیاسـیی و بەرزکردنـەوەی ڕادەی ڕوونکاریـی و لێپرسـینەوەی یاسـایی لـە خزمەتـی بەرژەوەنـدی گشـتیی. (٣٦)

هەوڵدان بۆ پێکهێنانی رایگشتیی: لەکاتی ئاشکراکردنی تاوان و گەندەڵیی سیاسیی و دۆزە ئابڕوچوونەکان لەتوانایدایە رایگشتیی بەرهەم بهێنێت. (٣٧)

گەیشتن بەسەرچاوە رەسەنەکان: ژانەرێکی گرنگی بنکۆڵکارییە بۆ گەیشتن بەراستییەکان لەسەرچاوە سەرەکییەکان، جەخت لەسەر راستیی و بێگەردیی زانیارییەکان دەکاتەوە.

دەرخستنی هێز و گرنگیی راگەیاندن بۆ کۆمەڵگە: زیادکردنی رۆشنبیریی هاوڵاتیان و بەدەستهێنانی زانیارییەکان لە سەرچاوە زیندووەکان، کە ئەمەش دەبێت بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتەکانی تری کۆمەڵگە هەست بە بەرپرسیارێتیی بکەن بەرامبەر بەو کارانەی کە بەجێیدەهێنن. (٣٨)

بەشدارییکردن لە چەسپاندنی بنەما دیموکراسییەکان: ئامرازێکی کاریگەری چاودێرییە بەسەر دامەزراوە فەرمیی و رێکخراوە مەدەنیی و کۆمپانیا گشتیی و تایبەتیەکانەوە. (٣٩)

جیاوازیی نێوان راپۆرتی بنکۆڵکاریی و راپۆرتی کۆنباو

بەو پێیەی راپۆرتی بنکۆڵکاریی رێبازی زانستیی بنەمای کارکردنی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش وایکردووە لە چەندین رەهەندەوە جیاوازیی هەبێت لەگەڵ راگەیاندنی کۆنباو، لەو روانگەیەوە توێژەر ئاماژەیداوە بە دیارترینی ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان پرۆسەی ئامادەسازیی و سازاندنی راپۆرتی بنکۆڵکاریی و راپۆرتی کۆنباودا هەیە، بروانە خشتەی (١)

خشتەی (١) جیاوازی نێوان راپۆرتی بنکۆڵکاری و راپۆرتی کۆنباو

| راپۆرتی کۆنباو | راپۆرتی بنکۆڵکاری |
|---|---|
| یەکەم/ گەڕان و کۆکردنەوەی زانیاری (٤٠)، (٤١) | |
| بابەتەکان لەسەر کەمترین زانیاریی بونیاددەنرێت، گەڕان و قوڵبوونەوە بۆ زانیارییەکان ناکرێت و بەشێوەی(رۆژانە، هەفتانە، مانگانە) بڵاودەکرێتەوە. | زانیارییەکان بڵاوناکرێنەوە هەتاوەکو دڵنیادەبێتەوە لە دروستییان و کامڵبوونیان، بەبێ هەبوونی کاتێکی دیاریکراو بۆ بڵاوکردنەوەیان. |
| دووەم/ پێداچوونەوە و وردبینی. (٤٢) | |
| پێداچوونەوەی قووڵ و یاسایی بۆ زانیارییەکان ناکرێت، تەنیا ژیریایی(منطقي) بەباتەکان لە بەرچاودەگیرێت. | پێداچونەوەی قووڵ بە مەبەستی گونجان یاخود هاوتاکردنی لەگەڵ زنجیرەی وێنەکان و کارتێکەرەکان، پێداچونەوەی یاسایی و بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە راستگۆیی زانیارییەکان. |
| سێیەم/ ئەنجامەکان. (٤٣) | |
| پەیامەکانی رەنگدانەوەی دۆخەکەیە بەوشێوەیەی کە هەیە، رۆژنامەوان هیوای بە گەیشتن بە ئەنجامێکی دوورمەودا نیە، ئامانجی تەنها گەیاندنی زانیارییەکانە بە جەماوەر. | رۆژنامەوان بە ئامانجی گۆڕینی دۆخەکە کاردەکات بۆ دۆخێکی باشتر، زۆرجار نموونە و رێگای باشتر دەخاتە بەرچاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. |

٤/ دۆخی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە پێگەئەلیکترۆنییەکاندا

سەدەی بیست و یەک بە سەدەی ئینتەرنێت ناودەبرێت، ئەمەش بووە بە هۆکارێک کە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بە قۆناغێکی نوێدا تێپەڕبێت، دوای ئەوەی رۆژنامەوانان بە شێوازی کەسیی هەوڵی ئاشکراکردنی گەندەڵیی و نهێنیە شاراوەکانیان دەدات، دەفتەری تێبینیی و ئامێری تۆمارکردن وەک کەرەسەی سەرەکیی کۆکردنەوەی زانیارییەکانیان بووو، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی رۆژنامەوانانی بواری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی بە یارمەتی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و بە هاوکاریی لە گەڵ تۆڕە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا کاردەکەن، ئەمەش بووە بە هۆکارێک لە پێشکەوتنی ئەنجامدانی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان و پیشاندانی روویەکی نوێی کاری راگەیاندنی بنکۆڵکاریی. بۆیە دەکرێت بڵێین سەردەمی ژمارەیی یاخود تەکنەلۆژیا وەرچەرخانێکی گرنگە لە ژیانی کۆمەڵگە، ئەم وەرچەرخانەش کاریگەری ئەرێنیی کردۆتە سەر کۆی رەهەندەکانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیریی و کلتوریی، چونکە کاریگەرییەکانی بووەتە هۆی دارشتنەوەی توانا هزرییەکانی مرۆڤایەتیی، لەجیهانێکدا کە بووە بە گوندێکی بچوک، مرۆڤەکان دەتوانن لەگەڵ رووداونی کێشە و رووداوەکان ئاشنایان بن، لەو روانگەیەوە تەکنەلۆژیا بووە بە هۆکارێک کە سیستمە دەسەڵاتدارەکان نەتوانن زانیارییەکان بشارنەوە لە جەماوەر یاخود نکۆڵیی لێبکەن. (٤٤)

کەواتە پاش ئەو گۆڕانکارییانەی کە تەکنەلۆژیا بەسەر راگەیاندندا هێناویەتی، راگەیاندنی بنکۆڵکارییش بەدەر نەبوو لەو گۆڕانکارییانە، پێگە ئەلیکترۆنییەکان بوو-ون بە هۆکارێک لە سازاندنی شێوازێکی نموونەیی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان و سازکردنی داتاکان و بەڵگەنامە بەکارهاتووەکان، هەروەها ئاسانکاریی بۆ گەیشتن بە زانیاریی و سەرچاوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بوون بە هۆی هاتنەئارای شێوازێکی نوێ لە بڵاوکردنەوەی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان بە بەکارهێنانی داتا و ڤیدۆ و وێنە و نەخشەی رووداوەکان و، هەتاوەکو بڵاوکردنەوەی لینکی راپۆرتە بنکۆڵکاریرەکان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. (٤٥).

## چەمک و زاراوەبەکارهاتووەکان:

ماوەتەوە سەر ئەوەی هەندێ روونکردنەوە بدەین لە هەندێک چەمک و زاراوەی بەکارهاتووی ناو توێژینەوەکە،کە بریتیین لە هەڵسەنگاندن؛ واتە تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی دۆخی راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان و هەڵهێنجاندن و خستنەرووی ئاماژە پێکهاتەییەکانی و رەچاوکردنی هەنگاوە بنەرەتییەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی لە پانتایی پێگە ئەلیکترۆنییە رۆژنامەوانییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

راپۆرتی بنکۆڵکاریی؛ بریتییە لەکۆی ئەو راپۆرتانەی کە بەرنامەی (سندوقی ڕەش)ی پێگەی دپلۆماتیك مەگەزین بەرهەمیهێناون لە سەرجەم تەمەنی خۆیدا و ژمارەیان (٢٠) راپۆرتە و لەئێستادا و بەشێوەیەکی گریمانەیی بە راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان ناویان دەبەین.

پێگە ئەلیکترۆنییەکان: مەبەست لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پانتایی ئەم توێژینەوەیەدا، بریتیە لە پێگە ئەلیکترۆنییە رۆژنامەوانییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان، واتە ئەو پێگانەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت نوێنەرایەتیی یەکێک لە دەستگا رۆژنامەوانییەکان دەکەن، یاخود پێگەیەکی رۆژنامەوانیی سەربەخۆن و تەنها لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بابەتە رۆژنامەوانییەکانیان ئاراستەی وەرگرەکانیان دەکەن.

## سێیەم: رێبازنامەی توێژینەوەکە:

بابەخی توێژینەوەکە لە بابەخی بگۆڕەکانیەوە سەرچاوەدەگرێت، واتە کردەی بنکۆڵکاری لەهەرێمی کوردستاندا لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە پێگە ئەلکترۆنییەکان. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو بابەتەکە، واتە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی و پێگە ئەلکترۆنییەکان بابەتی گرنگن بۆ کۆمەڵی کوردەواریی لە هەرێمی کوردستاندا و، پەیوەستن بە کۆی کردەکانی گەشە و ئەو گۆڕانکاریيانەوە کە پێویستن بۆ هەڵاوێردنی چەقبەستوویی و خولانەوەی نێو بازنەکان، سەرەڕای بابەخە زانستیی و لۆژیکییەکەیان، کە پێویستییەکی پڕ بابەخی ئەم سەردەمەیە و بەتایبەتیش لەبواری راگەیاندنی بنکۆڵکارییدا.

بە گونجاو زانرا کە توێژینەوەکە لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە، لە جۆری توێژینەوە (وەسفیی) بێت، چونکە بابەتی توێژینەوەکە بابەتێکی هەنووکەییە و پەیوەستە بەژیانی کۆمەڵگەوە، هاوکات پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان دەردەخات و، هەوڵدەدات بۆ ناساندن و هەڵسەنگاندنیان. هەروەها لەسەر بنەمای دیاریکردنی تایبەتمەندێتیی دیاردە و دیاریکردنی پێکهاتە و جۆرێتی و پەیوەندیی نێوان بگۆڕەکان و ئاراستە و هۆکارەکانی خۆی دادەڕێژێت. (١) ،لەگەڵ ئەوەشدا وێناکردنی پەیوەندیی نێوان دیاردەیەک لەگەڵ دیاردەیەکی تر و کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە. (٢).

لەتاوتوێکردنی لایەنی کردەنیی توێژینەوەکەدا، پشتبەستراوە بە رێکاری رووپێویی، کە یەکێکە لە رێکارە گونجاوەکان لە توێژینەوە وەسفییەکاندا، کە زیاتر بەکاردەهێنرێت لە توێژینەوە رواڵەتییەکان و کێشە هەنووکەییەکاندا. بۆ بەرجەستە کردنی ئامانجەکانیشی لە رەهەندە کردەنییەکەیدا، پشتبەستراوە بە شێوازی (ناخشییکاریی)، بەو پێیەی شێوازێکی گرنگە لە توێژینەوە مرۆییەکان و، بە هۆیەوە بابەتی شیکارکراو لە رێگەی ئامرازی شیکارییناموە بەشێوەیەکی چەندێتیی و رێکخراو وەسفدەکرێت. (٣). بە رەچاوکردنی هەنگاوە زانستییەکانی دیاریکردنی نموونەی پشکنیین (سامپڵ) لە شێوازی ناخشییکاریی دەستنیشانکراوە، لەو روانگەیەوە پێویستە ئاماژە بە قۆناغەکانی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە لە شێوازی ناخشییکاریی بدرێت کە بە سێ قۆناغ تێدەپەڕێت و بریتین لە (٤): قۆناغی یەکەم، تایبەتە بە هەڵبژاردنی یەکەی سەرچاوە؛ واتە هەڵبژاردنی یەکێک لە ئامرازەکانی راگەیاندن وەک رۆژنامە، گۆڤار، پێگە ئەلیکترۆنییەکان، تەلەفزیۆن، رادیۆ. قۆناغی دووەمیش تایبەتە بە هەڵبژاردنی پێکهاتەکانی سەرچاوە؛ کە بریتین لەبەرنامەکان، وتارەکان، پەڕەی رۆژنامەکان....هتد. قۆناغی سێیەمیش تایبەتە بە ژمارەی نموونە پشکنیینی (سامپڵ) توێژینەوەکە؛ بۆنموونە چەند زنجیرەیەکی بەرنامەیەک، چەند وتاری رۆژنامەیەک ....هتد.

لەم سۆنگەیەوە، بەمەبەستی دیاریکردنی قۆناغی یەکەمی نموونەی توێژینەوە، کە تایبەتە بە سەرچاوە، توێژەر هەستاوە بەئەنجامدانی راپرسییەکی بەرایی، لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بە شێوازی(ئۆنلاین)، تێیدا دیارترین پێگە ئەلیکترۆنییەکانی هەرێمی کوردستانی دەستنیشانکردووە، کە بایەخیانداوە بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی، یاخود کاریان لەسەر راپۆرتە بنکۆڵکارییەکان کردووە و، ئەنجامی ئەو راپرسییەی بەرتوێژەکان لە خشتەی (٢) ئاماژەپێکراوە.

خشتەی (٢) ئەنجامەکانی راپرسیی بەرایی

| ژ | پێگەکان | دووبارە | رێژەی سەدیی ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دیپلۆماتتیک مەگەزین-Diplomatic magazine | ٦١ | ٥٠.٨ | یەکەم |
| ٢ | درەو میدیا- Draw | ٤٧ | ٣٩.٢ | دووەم |
| ٣ | بوار نیوز-Bwar news | ٢٨ | ٢٣.٣ | سێیەم |
| ٤ | پەرەگراف- Paragraf | ٢٤ | ٢٠ | چوارەم |
| ٥ | ستاندەر کورد-Standard Kurd | ١٤ | ١١.٧ | پێنجەم |
| ٦ | رووداوrudaw | ١٣ | ١٠.٩ | شەشەم |
| ٧ | خەندان- Xendan | ١٣ | ١٠.٨ | شەشەم |
| ٨ | پەیامنێر- Payamner | ١٢ | ١٠ | حەوتەم |
| ٩ | زەمەن نیوز-Zeman news | ١١ | ٩.٢ | هەشتەم |
| ١٠ | Nrt | ١١ | ٩.٢ | هەشتەم |
| ١١ | سبەی- Sbey | ٩ | ٧.٦ | نۆیەم |
| ١٢ | پۆلەتیک- Platic | ٦ | ٥ | دەیەم |
| ١٣ | ئاوێنە-Awene | ٦ | ٥ | دەیەم |
| ١٤ | وێستگە- westga | ٣ | ٢.٥ | یانزەیەم |
| کۆ | ١٤ | | | |

بە رەچاوکردنی ئەو ئەنجامانە، دەردەکەویت کە پێگەی (دیبلۆماتیک مەگەزین- Diplomatic magazine)، وەک نموونەی توێژینەوەکە خۆی دەسەپێنێت. لەقۆناغی دووەمدا، توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە لەسەر تایبەتێتیی پێکهاتەکانی سەرچاوەکە، کە بریتیە لە بەرنامەی(سندوقی رەش) کە یەکێکە لەبەرنامەکانی پێگەی (دیبلۆماتیک مەگەزین- Diplomatic magazine). قۆناغی کۆتاییش کە بریتیە لە ژمارەکانی نموونەی توێژینەوەکە، توێژەر تێکڕای راپۆرتەکانی ئەو پێگەیەی وەرگرتووە کە ژمارەیان (٢٠) راپۆرتە وەک راپۆرتی بنکۆڵکاریی و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا پێشکەشکراون بەناوی»سندوقی رەش»ەوە لە بەرواری (٢٠٢٠/١٢/٣ - ٢٠٢١/١١/٢٩).

دیبلۆماتیک مەگەزین- diplomatic magazine:

دیبلۆماتیک مەگەزین- diplomatic magazine، یەکێکە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی هەرێمی کوردستان، بەدروشمی»دیجیتاڵ میدیایەکی ئەهلی ئازادە» دەستیکردووە بەکارەکانی، ئەم پێگەیە بارەگای سەرەکیی لە شاری سلێمانیە، پێگەیەکی هەمەڕەنگە بەشێوەیەکی رۆژانە و بە بەردەوامیی رووماڵی رووداوە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، وەرزشییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەم پێگەیە یەکێکە لەو پێگە ئەلیکترۆنییە رۆژنامەوانییانەی هەرێمی کوردستان کە گرنگیان بە راگەیاندنی بنکۆڵکاریی داوە بەشێوەیەک بەرنامەی «سندوقی رەش» کە یەکێکە لەبەرنامەکانی پێگەی ناوبراو بۆ کارکردن لەسەرئەم جۆرەی راگەیاندن تەرخانکردووە و راپۆرتەکانی ئەم بەرنامەیە بەناوی راپۆرتی بنکۆڵکاریی ئاراستەی وەرگرەکانی دەکات.

بە مەبەستی گەیشتن بە ئاستی دروستیی توێژینەوەکەش، رێگایەکی زانستییانە گیراوەتەبەر کە بریتیە لە ئاراستەکردنی فۆرمی شیکارییناەکەی بۆ کۆمەڵێک لە شارەزایانی بواری توێژینەوەکە، بەمەبەستی

هەڵسەنگاندنێکی زانستییانە١*، توێژەر ئەم ڕێگایەی بەکارهێناوە بەمەبەستی زانینی ئاستی درووستیی و زانیینی بۆچوونی زانستیی و بابەتییانە، هەروەها هەبوونی مەرجەکانی پێوانەکردن لە دەستە و یەکەکانی شیکاریی و ناساندنەکانیان کە پەیوەستن بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەوە. لە ئەنجامدا توێژەر شایستەیی فۆرمی توێژینەوەکەی بەڕێژەی (٩١٪) دەستکەوت. لەهەمان کاتدا، پشکنینێک بۆ ڕێژەی جێگیریی دەرئەنجامەکانیش کراوە، کە مەبەست لە هاوتابوون یاخود گەیشتن بە هەمان ئەنجامی شیکاریی لە ڕێگەی دووبارە شیکردنەوەی هەمان بابەتەوە و لە هەمان کات و بارودۆخی خۆیدا. لەو سۆنگەیەوە پشتبەستراوە بە هاونەوایی* نێوان دوو توێژەری جیاواز بۆ گەیشتن بە ئاستی جێگیریی توێژینەوەکە. (٥)، پاش دووبارەکردنەوەی پرۆسەی شیکاریی بۆ ڕێژەی (١٠٪)ی نموونەی توێژینەوەکە، ئاستی جێگیریی بریتی بوو لە (٩٠.٥٪) کەئەمەش ڕێژەیەکی گونجاو و ڕێپێدراوە لە ڕووی زانستییەوە.

بە هۆی دیارییکردنی سنوورەکانی توێژیینەوەوە وەک سنووری کات و شوێن و بابەتەوە، مەودای دەستپێکەیشتن و لەخۆگرتنی شیکار و دەرئەنجامەکان دەستنیشانکراوە. لەو سۆنگەیەوە، سنووری کاتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەو کاتە خایەنراوەی کە ئەو ڕاپۆرتانەی تێدا بەرهەمهێنراون کە لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەست گیراون، کە بریتیە لەکاتی نێوان (٢٠٢٠/١٢/٣ - ٢٠٢١/١١/٢٩). سنووری شوێنیش بریتیە لە هەرێمی کوردستان. سنووەری بابەتاکنیش زیاتر بریتیە لەکۆی ڕاپۆرتەکانی بەرنامەی (سندوقی ڕش) کە ژمارەیان (٢٠) ڕاپۆرتە و لەنێوان کاتی (٢٠٢٠/١٢/٣ - ٢٠٢١/١١/٢٩) دا بەرهەمهاتوون.

## چوارەم/ بەشی کرداریی توێژینەوەکە

١-خستنەڕووی ئەنجامەکان

أ/ ڕوونکارییە تایبەتییەکانی ڕاپۆرتەکان

١- وەرگری بەمەبەست

ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە جۆری ئەو وەرگرانەی کە ڕاپۆرتەکانیان ئاراستەکراوە، بە پلەی یەکەم ئاراستەی جەماوەر کراوە، بەڕێژەی (٥٢٪)ـە، پاشان برگەی گشتیی و تایبەت پلەی دووەمی وەرگرتووە بەڕێژەی (٣٥٪)، ئەم ڕێژەیەش ئاماژەیە بەوەی پەیامەکان جگە لە تایبەتمەندێتیی گشتیی ئاراستەی توێژێکی تایبەتی کۆمەڵیش کراوە و دۆخەکەیان خراوەتەڕوو، دواتر برگەی تایبەتی پەیامەکان دێت واتە پەیامەکان ئاراستەی توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگە کراون. کەئەمەش پلەی سێیەمی خشتەکەی گرتووە بەڕێژەی (١٣٪). ئەم ئەنجامانە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە پەیامە ڕۆژنامەوانییەکان ئاراستەی وەرگر بە گشتیی دەکرێت، چونکە پەیامەکان ڕەنگدانەوەی

١ *. شارەزایان
- پ.د.هێرش ڕەسوڵ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا.
- پ.ی.د. هێمن مەجید حەسەن، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن.
- پ.ی.د.حەبیب ئیبراهیم، زانکۆی ڕۆربۆخۆم، پەیمانگای زانستی ڕاگەیاندن، ئەڵمانیا.
- پ.ی.د.ئیبراهیم سەعید، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن.
- پ.ی.د.پاڤێ جەمیل، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن.
- پ.ی.د.باقر داود، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا.
- د.ئەکرەم فەرەیدون، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی ڕاگەیاندن.

دۆخی ژیانی کۆمەڵگەن بە گشتیی، بەڵام بەدەر لە گشتێتیی پەیامە رۆژنامەوانییەکان، زۆرجار ئەم پەیامانە دەبن بە مایەی بایەخی دەستە و گروپێکی تایبەت لە کۆمەڵگە بە بەراورد بە کۆی گشتیی تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ نموونە؛ کاتێک دۆزێکی وەرزشیی کاری لەسەر دەکرێت، دەکرێت ببێت بە پەیامێکی گشتیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژی وەرزشکاران زیاتر گرنگیی پێدەدەن و دەبێتە جێی بایەخیان، کاریگەریی زیاتر لە سەر توێژی وەرزشکاران جێدەهێڵێت، زۆرجاریش ئەم پەیامانە هەردوو رەهەندی گشتێتیی و تایبەت لەخۆدەگرن. بڕوانە خشتەی(٣)

خشتەی (٣) وەرگری مەبەست

| ژ | برگەکان | دووبارە | ڕێژەی ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تایبەت | ٣ | ٪ ١٣ | سێیەم |
| ٢ | گشتیی | ١٢ | ٪ ٥٢ | یەکەم |
| ٣ | گشتیی+ تایبەت | ٨ | ٪ ٣٥ | دووەم |
| ٤ | کۆ | ٢٣ | ٪١٠٠ | |

٢- رەگەزی راپۆرتساز

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە تەواوی ئامادەکارانی راپۆرتەکان بە ڕێژەی(١٠٠٪) بریتیبوون لە رەگەزی نێر و لە پلەبەندی یەکەمدا دێن، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە وەکو زۆربەی بوارەکانی تری کۆمەڵگە، رەگەزی مێ بەشدارییەکی ئەوتۆی پێنەکراوە، یاخود بواری بۆ نەرەخسێنراوە بۆ ئەوەی بتوانن تواناکانی خۆیان لەم جۆرەی راگەیاندن بسەلمێنن. بڕوانە خشتەی(٤).

خشتەی (٤) رەگەزی راپۆرتساز

| ژ | برگەکان | دووبارە | ڕێژەی ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ٢٠ | ٪١٠٠ | یەکەم |
| ٢ | مێ | ٠ | ٪٠ | – |
| ٣ | هەردوکیان | ٠ | ٪٠ | – |
| ٤ | کۆ | ٢٠ | ٪١٠٠ | |

٣- ماوەی راپۆرتەکان

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی راپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوەکە زۆرینەیان بریتیین لە راپۆرتە کورتەکان بەرێژەی(٨٥٪) لەپلەبەندی یەکەمدا دێن، پاشان راپۆرتە مامناوەندییەکان لە پلەبەندی دووەمدا دێت بەرێژەی(١٥٪)، بەمەش هیچ راپۆرتێک لە راپۆرتەکان لە جۆری راپۆرتە درێژەکان ئەژمار نەکراوە. ماوەی راپۆرتەکان بە شێوەیەکی گشتیی بۆ سێ قەبارە پۆلێن دەکرێت، کە بریتیین لە: «کورت، مامناوەند، درێژ» بەجۆرێک راپۆرتە درێژەکان بریتیین لەو راپۆرتانەی کە ژمارەی وشەکانی زیاتر بێت لە (٣٠٠٠) وشە و لەدۆخی نووسراودا و، زیاتر لە (٣٠) خولەک لە دۆخی تۆمارە ڤیدۆییەکانە، هەروەها راپۆرتە مامناوەندەکان بریتیین لەو راپۆرتانەی کە ژمارەی وشەکانی لە نێوان (٢٥٠٠-٣٠٠٠) وشە بێت لە دۆخی نووسراو دا و، (١٥-٣٠) خولەک بێت

لەدۆخی تۆمارە ڤیدۆییەکان، هەروەها راپۆرتە کورتەکان بریتیین لەو راپۆرتانەی کە ژمارە وشەکانیان بریتیین لە کەمتر لە(٢٥٠٠) وشە لەدۆخی نووسراودا و، نزیکەی (١٥) خولەک لە دۆخی تۆمارە ڤیدۆییەکاندا. بڕوانە خشتەی(٥).

خشتەی (٥) ماوەی راپۆرتەکان

| ژ | برگەکان | دووبارە | ڕێژەی ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کورت | ١٧ | ٨٥ ٪ | یەکەم |
| ٢ | مامناوەند | ٣ | ١٥ ٪ | دووەم |
| ٣ | درێژ | ٠ | ٠ ٪ | سێیەم |
| ٤ | کۆ | ٢٠ | ١٠٠٪ | |

٤- شێوازی خستنەڕووی راپۆرتەکان

بەشێوەیەکی گشتییو راپۆرتەکان بە دوو شێوەی سەرەکیی نمایشدەکرێن، کە ئەوانیش بریتین لە (نووسراو-دەق، تۆماری ڤیدۆیی) ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە راپۆرتەکانی نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە تۆماری ڤیدۆیی بەرێژەی (١٠٠٪) و لە پلەبەندی یەکەم دێن، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی پێگەکە زیاتر بایەخی بە تۆمارە ڤیدۆییەکان دەدات بۆ گەیاندنی پەیامەکانی و هێنانەدیی ئامانجەکانی، بڕوانە خشتەی (٦).

| خشتەی (٦)شێوازی خستنە ڕوی راپۆرتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | برگەکان | دوبارە | ڕێژەی ٪ | پلەبەندی |
| ١ | ڤیدۆ | ٢٠ | ١٠٠ ٪ | یەکەم |
| ٢ | دەق | ٠ | ٠ ٪ | – |
| ٣ | دەق+ وێنە | ٠ | ٠ ٪ | – |
| ٤ | کۆ | ٢٠ | ١٠٠٪ | |

٥- سنووری جوگرافیای دۆزی راپۆرتەکان

دۆزی راپۆرتەکان لە رووی سنووری جوگرافیەوە بەشێوەیەکی سەرەکیی پۆلێندەکرێن بۆ سێ سنووری جوگرافیایی، کە بریتین لە: خۆجێیی، نیشتیمانیی، دەرەکیی. ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە دۆزی راپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەسەر سنووری دوو جۆریاندا دابەشبوون، بە جۆرێک هەردوو جۆری سنووری خۆجێی و نیشتیمانی، لەهەمان ئاست بە پلەی یەکەم و بەهەمان ریژەی (٥٠٪) دابەشبوون، لەکاتێکدا هیچ دۆزێکی راپۆرتەکان لە جۆری دۆزی راپۆرتە دەرەکییەکان، کاری لەسەر نەکراوە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی تێڕوانینی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ دۆزەکان تێڕوانینێکی ناوەکییە و نەیانتوانیووە وەرگرانی هەرێمی کوردستان بە دۆزە دەرەکییەکان ئاشنابکەن، کە دەکرێت بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییان بەسەر تاکی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، لەلایەکیترەوە دەکرێت ئاماژەبێت بەوەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە تێڕوانینێکی دەرەکییان هەبێت لەکارەکانیان و، هەتا ئێستاش شێوازی کارکردنی ناوخۆیەتیی (لۆکاڵیی) بەسەر کارکردنیاندا زاڵە، بڕوانە خشتەی(٧).

خشتەی (٧) سنوری جوگرافیایی دۆزی راپۆرتەکان

| ژ | برگەکان | دووبارە | رێژەی ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خۆجێی | ١٠ | ٥٠ ٪ | یەکەم |
| ٢ | نیستمانیی | ١٠ | ٥٠ ٪ | دووەم |
| ٣ | دەرەکیی | ٠ | ٠ ٪ | سێیەم |
| ٤ | کۆ | ٢٠ | ١٠٠ ٪ | |

## ب/ ئاماژە پێکهاتەییەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی

١. زانستییبوون

راپۆرتی بنکۆڵکاریی رێبازی زانستیی تایبەتی خۆی هەیە و، پێویستە راپۆرتساز لەکاتی کارکردن رەچاوی هەنگاوە زانستییەکانی کاری بنکۆڵکاریی بکات، بۆ ئەوەی بتوانرێت کارەکەی بە کارێکی بنکۆڵکاریی هەژماربکرێت. ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە راپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوەکە پشتبەستووە بە بەڵگە و سەلماندن بەرێژەی(٣٧.٥٪) لە پلەبەندی یەکەمی زانستییبوونی راپۆرتەکان هەژمار دەکرێت؛ چونکە بەڵگە و سەلماندن هەنگاوێکی گرنگ و زانستیی راپۆرتی بنکۆڵکارییە هەر کارێکی بنکۆڵکاریی بەڵگە و سەلماندنی دروستیی لەگەڵ نەبێت، ئەوا بە کارێکی زانستیی بنکۆڵکاریی ئەژمارناکرێت، پاشان گریمانەسازیی دێت بە پلەی دووەم و بەرێژەی (٣٠٪)، کە ئەمەش هەنگاوێکی زانستیی و گرنگیی راپۆرتی بنکۆڵکارییە و، پێویستە رۆژنامەوانی بنکۆڵکار کێشەی راپۆرتەکەی بەگریمانە بکات بۆئەوەی بتوانێت کاری لەسەر بکات و هەوڵی سەلماندنی بدات، ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بەوەی کە راپۆرتەکان یەکێکی تر لە بنەمازانستییەکانی راپۆرتی بنکۆڵکاریی تێدا پەیڕەوکراوە کە ئەویش گریمانەیە و، زۆرینەی راپۆرتەکان گریمانەسازیی بۆکراوە ، هاوکات دانانی لە پرسیاردا پلەبەندی سێیەمدا هاتووە بەرێژەی (٢٠٪)، ئەمەش یەکێکی ترە لە هەنگاوە زانستییەکانی هەرکارێکی بنکۆڵکاریی. بە هەمان شێوە بەشێک لە راپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە دانانی پرسیار و هەنگاونان بۆ وەڵامدانەوەیان دەستیان بە بەجێهێنانی کاری بنکۆڵکاریی کردووە، پاشان سەلماندنی کردەیی لە پلەبەندی چوارەمدا دێت بەرێژەی ( ١٢،٥٪)، کە ئەمەش ئاماژەیەکی تری زانستییبوونی راپۆرتەکانە بەوەی بەشێک لە راپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوەکە پشتی بە سەلماندنی کردەیی بەستووە، واتە بە کردەیی دۆزەکەی خستۆتەڕوو. بڕوانە خشتەی(٨).

خشتەی(٨) زانستیبوون

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ڕێژەی ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گریمانەسازیی | ١٢ | ٣٠ ٪ | دووەم |
| ٢ | پرسیار | ٨ | ٢٠ ٪ | سێیەم |
| ٣ | هەبوونی بەڵگە و سەلماندن | ١٥ | ٣٧،٥ ٪ | یەکەم |
| ٤ | سەلماندنی کردەیی | ٥ | ١٢،٥ ٪ | چوارەم |
| ٥ | کۆ | ٤٠ | ١٠٠ ٪ | |

٢/ ڕەسەنایەتیی

ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە تێکڕای ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە، ڕاپۆرتی ڕەسەنی پێگەی مەبەستن بە ڕێژەی (١٠٠٪) لە پلەبەندی یەکەمدا دێن و، لەلایەن ڕۆژنامەوانی پێگەکەوە ئامادەکراوە و خودی پێگەکە سەرپەرشتیی ڕاپۆرتەکانی کردووە، چونکە ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی دەبێت کاری تایبەتی خودی ئەو دەزگایە بێت کە ڕاپۆرتەکەی تێدا بڵاودەکرێتەوە، واتە نابێت پێشتر و لەدەزگایەکی تری ڕۆژنامەوانیی کارەکە بڵاوکرابێتەوە، بڕوانە خشتەی (٩).

خشتەی (٩) ڕەسەنایەتیی

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ڕێژەی ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕاپۆرتی خودی پێگەکە | ٢٠ | ١٠٠ ٪ | یەکەم |
| ٢ | ڕاپۆرتی دەرەکیی | ٠ | | – |
| ٣ | ڕاپۆرتی هاوبەش | ٠ | | – |
| ٤ | کۆ | ٢٠ | ١٠٠ ٪ | |

٣/ ڕۆچوون و قوڵبوونەوە

پرۆسەی ڕۆچوون و قووڵبونەوە؛ تایبەتمەندیی و هەنگاوێکی بنەڕەت و پێویستیی ڕاپۆرتەکانە، واتە هەر دۆزێک یاخود کێشە و بابەتێک کاتێک ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکار بیەوێت کاری لەسەر بکات، دەبێت کردەی ڕۆچوون و قووڵبوونەوە لەبەرچاوبگرێت و، بەتەواویی قووڵببێتەوە لەرەهەندەکانی و، نابێت بە تەنیا گرنگیی بە رەهەندێک یاخود چەند رەهەندێکیان بدات و رەهەندەکانی تری دۆزەکان فەرامۆشبکات. پاشان، پێویستە توێتوێی هەر رەهەندێکی بکات هەتا دەگات بەوەی کە خۆی بەدوایدا دەگەڕێت و، پاشان شیکارییان بۆ بکات و مانا و ئاماژەکان بۆ وەرگر روونبکاتەوە، دواتر لێکدانەوەیان بۆ بکات و تاوتوێی کۆی دۆزەکە بکات، لەو روانگەیەوە ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە کردەی شیکاریی لە پلەبەندی یەکەمدا دێت بە ڕێژەی (٢٢.٥٪) واتە بە پلەی یەکەم شیکار بۆ دۆزەکە کراوە، پاشان گەڕانی قووڵ کە یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی کردەی ڕۆچوون، کە لە پلەبەندی دووەمدا دێت بەرێژەی (٢١٪)، ڕاپۆرتساز پێویستە بە قووڵی بچێتە ناو هەر بابەتێک یاخود دۆزێکی هەر کردەیەکی بنکۆڵکاریی و نابێت بە شێوەیەکی رووکەش دۆزەکە رووماڵ بکات، پاشان رووماڵی

ڕەهەندەکانی دۆزەکە کە لەپلەی سێیەمدا دێت بە ڕێژەی (٢٠٪ )، چونکە هەر دۆزێک چەندیین ڕەهەندی تایبەتی خۆی هەیە و، پێویستە کۆی ڕەهەندەکانی دۆزەکان لەبەرچاوبگیرێت، ناکرێت لەیەک گۆشەنیگاوە دۆزەکان رووماڵبکرێت. پاشان لێکدانەوە و تاوتوێکردن لە پلەی چوارەمدا دێت بە ڕێژەی(١٩٪) کە هەنگاوێکی تر کە پێویستە راپۆرتساز لێکدانەوەی بابەتیی و زانستیی و واقعییانە بۆ ئەو داتا و زانیاریی و بەڵگانە بکات، هاوکات راڤەکردنی پێکهاتەکانی دۆزەکەش یەکێکی ترە لە هەنگاوەکانی سازاندنی راپۆرتەکان، کە پێویستە رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریی فەرامۆشی نەکات کە بریتیە لە راڤەکردنی ڕەهەندەکانی دۆزەکە بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی خۆی، لە ڕێگەی راڤەکردنێکی بابەتییانە و زانستییانە، ئەمەش لە پلەبەندی پێنجەمدا دێت بەڕێژەی (١٧.٥٪). بڕوانە خشتەی (١٠)

خشتەی (١٠) ڕۆچوون و قوڵبوونەوە

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | راڤەکاریی | ١٤ | ٪ ١٧.٥ | پێنجەم |
| ٢ | شیکاریی | ١٨ | ٪ ٢٢.٥ | یەکەم |
| ٣ | رووماڵی ڕەهەندەکانی دۆزەکە | ١٦ | ٪ ٢٠ | سێیەم |
| ٤ | گەڕانی قووڵ | ١٧ | ٪ ٢١ | دووەم |
| ٥ | لێکدانەوە و تاوتوێکردن | ١٥ | ٪ ١٩ | چوارەم |
| ٦ | کۆ | ٨٠ | ٪ ١٠٠ | |

٤/ ئامانجەکان

ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی کە ئامانجی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی رایگشتیی بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی(٢٤٪)، دواتر گەیشتن بە راستییە شاراوەکان کە یەکێکی ترە لە ئامانجەکانی راپۆرتەکان لە پلەی دووەمدا دێت بە ڕێژەی (٢١٪)، کە راپۆرتەکان هەوڵیانداوە بەدەستیانبهێنن، پاشان ئامانجی دەرخستنی هەڵە و کەموکوڕییەکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، یەکێکی ترە لە ئامانجەکان کە پلەبەندی سێیەمی ئامانجەکانی وەرگرتووە بەڕێژەی (١٦٪)، پاشان کردە ئابڕووچووەکان «الفضيحة» ئامانجێکی گرنگی راگەیاندنی بنکۆڵکارییە کە لەپێناویدا کاردەکات، یەکێکی تریشە لە ئامانجەکانی ئەو راپۆرتانەی کە نموونەی توێژینەوەکە کاری بۆ کردووە، بە جۆرێک لە پلەبەندی چوارەمدا دێت بە ڕێژەی(١٤٪)، هەروەها ئاگادارکردنەوە لە هەر مەترسییەک ئامانجێکی ترە و لە پلەبەندی پێنجەمدا دێت بەڕێژەی(١٣٪). کۆتا ئامانج کە راپۆرتەکان هەوڵیانداوە بەدەستیانبهێنن، ئامانجی ئاشکراکردنی گەندەڵییەکی شاراوەیە کە لە پلەبەندی شەشەم دێت بە ڕێژەی(١٢٪). ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە هەرکارێکی زانستیی ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە و، بێگومان راگەیاندنی بنکۆڵکارییش بەدەر لە ئامانجە گشتیەکانی راگەیاندن، ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە و هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە دەدات، بۆیە لە روانگەی ئەو ئامانجانەی کە لەئەنجامی ئەم توێژینەوەی بەدەستهاتوون لە گرنگترینی ئەو ئامانجانەن کە راپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوەکە هەوڵیداوە بەدەستیانبهێنێت و کاری بۆ کردوون. لێرەوە دەکرێت بوترێت راپۆرتەکان بەبێ ئامانج نەبوو و،ن ئامانجی خۆیان دەستنیشانکردووە و هەتا رادەیەکی باش و بە ڕێژەی جیاواز هەوڵیدوا بۆ بەدەستهێنانیان، بڕوانە خشتەی(١١)

خشتەی (١١) ئامانجی راپۆرتەکان

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ڕێژەی ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گەیشتن بە راستییە شاراوەکان | ١٨ | ٪ ٢١ | دووەم |
| ٢ | ئاشکراکردنی گەندەڵییەکی شاراوە | ١٠ | ٪ ١٢ | شەشەم |
| ٣ | ئاشکراکردنی کردە ئابڕووچوونەکان | ١٢ | ٪ ١٤ | چوارەم |
| ٤ | هەوڵدان بۆ پێکهێنانی رایگشتیی | ٢٠ | ٪ ٢٤ | یەکەم |
| ٥ | دەرخستنی هەڵە و کەموکوڕییەکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە | ١٣ | ٪ ١٦ | سێیەم |
| ٦ | ئاگادارکردنەوە لە هەر مەترسییەک | ١١ | ٪ ١٣ | پێنجەم |
| ٧ | کۆ | ٨٤ | ٪ ١٠٠ | |

٥. سەرچاوەکانی زانیاریی

ئەنجامەکان ئاماژەن بەوەی، کە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە راپۆرتەکانی نموونەی توێژینەوە وەک سەرچاوەی زانیارییەکانی بەکاریهێناون، یاخود کەڵکی لێوەرگرتوون، بە جۆرێکە کە شارەزایانی تایبەتمەند لە پلەی یەکەمی سەرچاوەکان ئەژماردەکرێن بە رێژەی(٣١٪)، پاشان دامەزراوە فەرمییەکان و شایەتحاڵەکان بەیەک ئاست لە پلەبەندی دووەمی سەرچاوەکان دێن بە ڕێژەی(٢٦٪)، دواتر قوربانییەکان یەکێکی ترن لەسەرچاوەکان لە پلەبەندی سێیەم دێت بە رێژەی(١٣٪)، بە پێی ئەم ئەنجامانەش بێت؛ دەتوانین بڵێین زانیاریی راپۆرتەکان لە زۆرێک لەو سەرچاوانەوە وەرگیراون کە راپۆرتی بنکۆڵکاریی پشتیپێدەبەستێت لە دەستکەوتنی زانیارییەکانیان، چونکە سەرچاوەکانی زانیاریی تایبەتمەندییەکی دیاری راپۆرتەکانە، رۆژنامەوانی بنکۆڵکار ناتوانێت زانیاریی لە هەموو سەرچاوەیەک وەربگرێت، یاخود هەموو سەرچاوەیەک نابێت بە سەرچاوەی زانیاریی بۆ راپۆرتی بنکۆڵکاریی، بەڵکو هەندێک لەسەرچاوەکان دەکرێت تەنها ببن بە دەروازەیەک بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی دروستی زانیارییەکان نەک سەرچاوەی سەرەکیی راپۆرتەکان، بڕوانە خشتەی (١٣).

خشتەی (١٢) سەرچاوەکانی زانیاریی راپۆرتەکان

| ژ | بڕگەکان | دووبارە | ڕێژەی ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دامەزراوە فەرمییەکان | ١٤ | ٪ ٢٦ | دووەم |
| ٢ | قوربانییان | ٧ | ٪ ١٣ | چوارەم |
| ٣ | شایەتحاڵەکان | ١٤ | ٪ ٢٦ | سێیەم |
| ٤ | شارەزایانی تایبەتمەند | ١٧ | ٪ ٣١ | یەکەم |
| ٥ | سەرچاوەی نادیار | ٢ | ٪ ٤ | پێنجەم |
| ٦ | کۆ | ٥٤ | ٪ ١٠٠ | |

## پێنجەم/ دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان

دەرئەنجامەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی خشتەی شیکارییەکە، توێژینەوەکە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

١.ڕەچاوکردنی بنەما زانستییەکانی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی لەو ڕاپۆرتانەی کە تاوتوێکراون لەم توێژینەوەیەدا.

٢.هەموو زانیارییەکانی ڕاپۆرتەکان بە بەڵگە و سەلماندن و سەلماندنی کردەیی پشتڕاست کراونەتەوە، کە ئەمەش بنەمایەکی گرنگی زانستیبوونی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکانە.

٣.ڕەسەنبوونی کۆی ئەو ڕاپۆرتانەی کە تاوتوێکراون لەم توێژینەوەیەدا.

٤.ڕاپۆرتەکان هەتا ڕادەیەکی باش پرۆسەی ڕۆچوون و قووڵبوونەوەیان بەجێهێناوە، ڕووماڵی ڕەهەندەکانی دۆزی ڕاپۆرتەکانیان کردووە، بە قووڵی بەدوای ئەو بەڵگە و زانیارییانەدا گەڕاون کە دۆزی ڕاپۆرتەکان خواستوویەتی.

٥.هاندان بۆ پێکهێنانی ڕایگشتیی و ئاشکراکردنی کردە نایاساییەکانی ناو کۆمەڵ و دامەزراوەکانی لە دیارترین ئەو ئامانجانەن کە ڕاپۆرتەکان هەوڵیانداوە بەدەستیانبهێنێت.

٦.هۆشیارکردنەوەی دامەزراوە گشتیی و تایبەتییەکان لە ئەنجامدانی کارە نایاساییەکانیان.

٧.پشتبەستنی ڕاپۆرتەکان بەوەرگرتنی زانیاریی لەو سەرچاوانە، یاخود لەو کەس و لایەنانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە دۆزی ڕاپۆرتەکان.

٨.سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوەکە و، هاوکات وەڵامدانەوەی ئەو پرسانەی کە لە هەندێک لە ڕاپۆرتەکان خراونەتەڕوو.

ڕاسپاردەکان:

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی، توێژەر بە پێویستی زانییوە کە ئەم پێشنیارانەی لای خوارەوە ئاراستەی دامەزراوە زانستییەکان و ڕۆژنامەوانان و توێژەران و دەستگا ڕۆژنامەوانیەکان بکات.

١.گرنگیدانی زیاتر بە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لەناوەندە زانستییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان؛ بۆئەوەی بتوانرێت ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند بە بواری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی ئامادەبکرێت.

٢.ئەنجامدانی سیمینار و کۆڕی زانستیی بۆ ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە لەبواری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی کاردەکەن، بۆئەوەی لە ڕوی زانستییەوە زیاتر ئاشنابن بە ڕێباز و بنەما زانستییەکانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی.

٣.ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی لە بواری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی بۆدەرخستنی ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی کە ڕێگرن لە بەرەوپێشچوونی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی، هاوکات گرنگیدان بەو هەلانەی کە ڕێگەخۆشکەرن بۆ گەشەکردنی.

٤.کردنەوەی بەشی تایبەت بە ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی لە دەستگاکانی ڕۆژنامەوانیی، هەروەها دەستگیرۆیی ڕۆژامەوانی بنکۆڵکار لەو دامەزراوانە و، کارئاسانیی بۆکردنیان لە ڕووی کات و داراییی، سەرەڕای پاراستنیان لەرووی ئەمنیەوە.

٥.هۆشیارکردنەوی دامەزراوە گشتیی و تایبەتییەکانی کۆمەڵگە و کەسایەتییەکان، لە گرنگیی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاریی و، ئەو ڕۆڵەی دەیبینێت لە پێشخستنی کۆمەڵگە، هەروەها ئەو ئامانجانەی هەوڵدەدات لە پێناویان کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتییەوە.

## تقييم التقارير الاستقصائية في مواقع الالكترونية في اقليم كردستان


### الملخص

موضوع هذه الدراسة هو (تقييم التقارير الاستقصائية في مواقع الالكترونية في اقليم كردستان) وهو موضوع الحالي والمهم في العلم الإعلام، وقد أصبح رصيدا قيما لوسائل الإعلام منذ ذلك الحين ، هدف البحث هو التعرف على مستوى العلمية تقارير الاستقصائية، فضلا عن صحة التقارير التي تم نشرها في تلك المنشورات و إلى جانب الأهداف التي حاولت التقارير تحقيقها وتقديمها و الى أي مدى تمكنت من تنفيذ عملية التنقيب و تعميق التقارير. مقدم البحث يشرح لمحة موجزة عن تاريخ الإعلام الاستقصائية. ثم تمت الإشارة إلى مفاهيم و تعاريف وملامح الصحافة الاستقصائية، كما تم الكشف عن التقارير الاستقصائية في مجال التعريفات والميزات والأهمية. واخيرا نظرية البحث التي قدمها الباحث والتي وصفت واقع الصحافة الاستقصائية في المواقع الالكترونية. البحث هو من نوع البحوث الوصفية، استخدم منهج مسحية المتوافق مع مسار البحث، كما استخدم اسلوب تحليل مضمون لتحقيق أهداف البحث في بعد إجراء عمليةالبحث. وفي الختام، توصلت الدراسة إلى أن التقارير الاستقصائية تم إعدادها بطريقة التخطيط العلمي الاستقصائي ، بالاعتماد على الأدلة والمعلومات المسندة بالبراهين، لقد قامت التقارير الذهاب والتعمق إلى حد كبير، تغطية أبعاد قضية التقرير، وبحثت بعمق عن الأدلة والمعلومات التي تريدها قضية التقرير.


كلمات المفاتحة: التقيم، الصحافة الاستقصائية، التقرير الاستتقصائي، المواقع الالكترونية.

## Evaluation of investigative reports on electronic websites in the Kurdistan region


### Summary

The subject of this study is (Evaluation of investigative reports on electronic websites in the Kurdistan region), which is a current and important topic in media science, and it has become a valuable asset for the media since then. The research objective is to identify the level of knowledge of investigative reports, as well as the validity of the published reports. In those publications, in addition to the goals that the reports tried to achieve and present, and to what extent it was able to carry out the process of excavation and deepening the reports. The presenter explains a brief overview of the history of investigative media. Then the concepts, definitions and features of investigative journalism were pointed out, and investigative reports were revealed in the field of definitions, features and importance. Finally, the research theory presented by the researcher, which described the reality of investigative journalism on websites. The research is of the descriptive research type. It used a survey method that is compatible with the research path. It also used a content analysis method to achieve the research objectives in the

aftermath of the research process. The study concluded that the investigative reports were prepared in the manner of investigative scientific planning, relying on evidence and information based on evidence.

Key words: evaluation, investigative journalism, investigative report, websites.

## سەرچاوەکان

١ عواملة، نائل عبدلحافظ، (١٩٩٧) اساليب البحث العلمي، كلية الاقتصاد والعلوم الادارية، الجامعة الاردنية، ص١٠٢.

٢ طائي, مصطفي حميد و ميلاد ابوبكرد خير،(٢٠٠٧) مناهج البحث العلمي وتطبيقاتها في الاعلام والعلوم السياسية، دار الوفا لدينا الطباعة ولنشر، الاسكندرية، ص٩٥.

٣ بۆکانی،صابر بکر، (٢٠١٦) میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل٩٤.

٤ حميد، محمد عبد، تحليل محتوى في بحوث الإعلام،(١٩٨٣) عالم الكتاب، القاهرة،ص٩٠.

٥ دليمى, عصام حسن احمد و عبدلرحيم صالح على، (٢٠١٥) البحث العلمي اسسه ومناهجه،دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان.ص١٧١.

٦ عبدلباقي، موسى، عيسى. (٢٠١٣)، الصحافه الاستقصائية آطر نضرية ونماذج تطبيقية، دار العلوم للنشر و التوزيع، قاهري ٢٠١٣،ص٢١،٢٠.

٧ عراق، البرنامج الانمائية لامم المتحدة - الصحافة الاستقصائية مدخل نظري وتطبيقات عمله،ص٢٩.

٨ مصري, عربى. (٢٠١٨)، لتحرير الاستقصائي، من المنشورات جامعة الالفتراضية السورية، جمهورية العربية السورية،ص٩٨.

٩ عبدلباقي، موسى، عيسى. سەرچاوەی پێشوو ،ص٢٩.

١٠ دليمي، عبدلرزاق، الصحافة الاستقصائية،(٢٠١٩): داراليازورى العلمية للنشر و التوزيع, بيروت،ص٣٢.

١١ حسن، عيسى محمود، (٢٠١٢) الصحافة الاستقصائية مهنة المتاعب،والاخطار ، زهران للنشر و التوزيع. الاردن،ص٣٥.

١٢مصري, سەرچاوەی پێشوو ، ص١٠٤.

١٣ عراق، البرنامج الانمائية لامم المتحدة - الصحافة الاستقصائية مدخل نظري وتطبيقات عمله، سەرچاوەی پێشوو ص٣٣.

١٤ دليمي، عبدلرزاق، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩.

١٥ حشيش، حسن محمد ابو، (٢٠١٣) محاضرات الصحافة الاستقصائية، مدرس الصحافة و الاعلام قسم الصحافة و الاعلام، فى الجامعة الاسلامية.

١٦ هەمان سەرچاوە، ص١٥٣،١٥٤.

١٧هنتر, مارل لى, و سينجيرز لوک، الصحافة الاستقصائية مناهج الشاملة بحسب اريج، مؤسسة فردريش ناومان

مـن اجـل الحريـة، ص٥٥.

١٨ دەربارە دەربارەی ئێمە ، https://nirij.org/ ، ٢٠٢١/٤/١٧، ١٢:٥٥م.

١٩ نانـەوازادە, عەلـی،(٢٠٠٥) فەهەنگـی کـوردی هەرمـان، بەرگـی دووەم، چاپـی دووەم، چاپخانـەی وەزارەتـی رۆشـنبیری، کوردسـتان هەولێـر، لا٢١٧،٢١٦

٢٠ منصور, ابن. ليسان العرب، دار المعارف, بەبێ ساڵی چاپ، قاهرة.

٢١ هەمان سەرچاوە، ص٢٤.

٢٢ هەمان سەرچاوە، ص٢٩.

٢٣ داود، اياد، فن التقصي، الفيلم الوثائقي التحقيقي، (٢٠١٩) معهد الجزيرة للاعلام، ص١١.

٢٤ دليل صحافة الاستقصائية من اجل التنمية،(٢٠١٦)، موسسة فريدريش ايبرت, مصر، ص ٤٢.

٢٥ هنـتر، مـارك، (٢٠١٩) مسـاق تمهيـدي عـن الصحافـة الاسـتقصائية في الجامعـات العربيـة، شـبكة إعلاميـون مـن أجـل صحافـة عربيـة اسـتقصائية-أريج، ص٣.

٢٦ راس، منيرابـو، ياسرالبنـا، و زاهرالبيـک،(٢٠١٢) الصحافةالاسـتقصائية:مفهومها و ماهيتها-نشـتآها و تطورهـا-علاقتهابالبحـث العلمـي، ورقـة البحثيـة، الجامعـة الاسـلامية- غزة،كليـةالاداب، قصـم الصحافـة.

٢٧ هەمان سەرچاوە، ص٣٠.

٢٨ منصـور، حسـن،(٢٠١٩) التحقيقـات الاسـتقصائية في العـالم العربي..الاهتمامـات و اساليب الاعـداد والكتابـة والتقديـم. مجلةالعربيةلبحـوث الاعـلام والاتصـال، كليـة الاعـلام جامعـة الاهـرام الكنديـة، ص٤.

٢٩ هەمان سەرچاوە، ص٧٠.

٣٠ حاجـم، خميـس حـواس،(٢٠٢٠) الصحافـة آلآسـتقصائية و دورهـا في كشـف انتهـاكات حقـوق الانسـان في الوطـن العـربي، رسـالة ماجسـتير غـير منشـورة، جامعـة تكريـت، كليـة الاداب، قسـم الاعـلام.

٣١ ئیبراهیم, عبدلخالق، (٢٠١٤) بنەماکانی نوسین لە رۆژنامەگەریدا، چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر، هەولێر، لا٢١٥.

٣٢ محمود، جمال جاسم. (٢٠٠٨) التحقيق الصحفي، المجلد٢٤، مجلة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، ص٢١٣.

٣٣ ربيع، حسين محمد، (٢٠١٤) الصحافة الاستقصائية الواقع... والاشكاليات، دار العالم العربي، قاهرة، ص٢١٣.

٣٤ فلاحـي، حسـين علـى ابراهيـم،(٢٠١٧) صحافـة التحـري والاسـتقصاء التحقيقـات الصحفيـة الاسـتقصائي، دار الكتـاب الجامعـي، دولـة الامـارات العربيةالمتحـدة- الجمهوريـة اللبنانيـة، ص٣٦.

٣٥ صحافـة الاسـتقصائية. الدوحة-قطـر، (٢٠١٦) معهـد الصحافيـن المعترفيـن- الجامعـة اللبنانيـة الامريكيـة بتعـاون مـع مركـز قنـاة الجزيـرة الاعلامـي للتدريـب والتطويـر، ص٢٠

٣٦ فلاحي، حسين على، (٢٠١٣) الاعلام الجديد والاعلام التقليدي:: دار الغيدا والنشر، عمان، ص٢٠.

٣٧ صحافة الاستقصائية. سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٢.

٣٨ مشـهداني، سـعد سـلمان، (٢٠١٤) الصحافـة العربيـة الدولية»مفهـوم- الخصائص-المشـاكل -النماذج-الاتجاهـات، دارالكتـاب الجامعـي، الامـارات العربيـة المتحـدة، ص١٧١.

٣٩ حمـداني، بـشرى حسـين، (٢٠١٢)، التغطيـة الصحفيـة الاسـتقصائية تحقيقـات عابـرة للحـدود، دار اسـامة للنـشر والتوزيـع، الاردن- عـمان، ص١٨،١٩.

٤٠ مقدادي، كاظم. (٢٠١١)، الاعلام الدولي، تصدع السلطة الرابعة اعادة تشكيل الصارطة الاعلامية، مطبعة البحر الابيض, بغداد، ص١٥٧.

٤١ ربيع، حسين محمد، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٣.

٤٢ فلاحي، حسين على ابراهيم، سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٣.

٤٣ تميمى، هاشم حسين،(٢٠١٩) التحقيق الاستقصائي التلفزيوني، الطبعة الثانية، دار الكتب الوثائق، ص٤٨.

٤٤ حمداني، بشرى حسين، سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٩.

٤٥ خلف ،مي ، العمل الاستقصائي في عصر تحويل ، الرقمي،https://www.noonpost.com/content/٣٠٠٢٦ ٢٠٢١/٧/٢٦، ٥:٤٣م.